# کە منیش هاتم، سنوور لێرە بوو...

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

هەموو جارێک،
کە باوکم،
لەگەڵ چەند بازرگانێک؛
بۆ مافوور، دەچوونە سەقز،
دایکم دەیگوت؛
"لە سنوور ئاگاداری خۆتان بن"
"بەشەو لێی دەدەین" ئەوە وەڵامی باوکم بوو.
دارکەران،
هەمیشە،
چەند کیلۆمەترێک،
دوور لە سنوور،
دار دەکەن.
شوان،
ڕاوچی،
لە سنوور دەسڵەمێنەوە.
کە هاتم سنوور لێرە بوو.
پێش باپیرم،
باپیرە گەورەم،
سنوور،هەر ئەوها تاپۆ بوو.
سنوورەکان،
زۆر دەبن
بەڵام من هەر بێ سنوورم.
لەو سنوورانەی چییان،
پەناهەندە، ئاسکە.
لە پێدەشت،
کالەی ئەدی داسە.
لەدارستان،
سمۆرەیە.
لەئاو،
بەلەمە.
ئەوسنوورەی دواجار،
بۆ مانەوەم،
لێم دا،
سیمی خاڵداربوو.
پەناهەندەکانی پێش من،
جێی پەرینەوەی سەڵتەیان،
خۆش کردبوو
هەرچوومە ناوی،
هەستم دەکرد،



باڵندەیەکم،
لە قەفەز دەردەپەڕم.
لە نەشئەی خۆشی پەڕینەوە دەژیام.
پاسەوانەکانی سنوور،
ئەوانەی لە کۆنەوە لێیان دەترسێم.
دەوریان دام
بە دەستی کەلەبچە کراو
سنووورداش کرام..
ژیانم لە دەوروبەری کۆچ و
بڕینی سنوورەکان دەخولێتەوە
ئێستاش،
ڕاناوەستاوم.
وام لە ئاسمان،
لە ژێر شینایی
بۆ چوونە سەر عاردی،
دەبێت سنووری هەور ببڕم.

بۆ چێژ وەرگرتن لەو شیعرانە، ڕەنگدانەوەی هەستی خوێنەر لە سەریان گرنگە

١

خۆرلە گوڵان لە دەرەوەیە،
هێشتا کانی بە تانییەکی زیوینی پێوەیە
بەهار، لە ژێر بەفرە.
کاتیان دەوێت، بۆ کرانەوە.

٢

مانگەشەوێکی ورووژێنەرە
ئێمەش دەمێکە چاوەڕوانی کانیین،
ببێتە ئاوێنە،
خۆشەویستی تێدا بکەین!

٣

بە سەروەری
لەسەر پارچە عەردێک بژیم
ئەوە خەونی باوکیشم بوو
بردییە ژێر گڵ
لەسەر ڕێگای چوونە لای ئەوم
دەترسم منیش ئەو خەونە لەگەڵ خۆم
ببەمە وێندەر

٤

پشتی خەڵک سەکۆیەکی بەلاشە
بۆ ئەوانەی، سیاسەت، کاسبیانە.
سک لە عاردیە، قوڕەی دێ.
کاکی سیاسیش،
هەروا لەسەر پشتی، نەتەوەیەکی دابەش بوو،
لە ئاشی حزب لێ دەکات.
لە سەر شەقامێکم نازانم دەچێتە کوێندەر
لەبەردەم باڵەخانەیەکم،
یادەوەری لێ سڕیومەتەوە
نقوومی ناو نا ئاشناییم
ئەو درەختەی،
کە نەمام بوو،
وەک ئەوەی منداڵم بێت، دەمگرت،
تا خۆی بگرێت،
ئێستا نامناسێت

٥

باران پێشی گرتەوە
ئەوەتا، لە ناو ئەو درەختەیە،
هێشتا نەیگەیشوومێ
بێ ئەوەی پرسم پێ بکات،
لە ناو پرچمە.
ئەو دیمەنە، ئێوارەی هەستم دەورووژێنێ.
ڕۆیشتنم لە سەر زەوی خێرا دەکات!

٦

لە خوێندنەوەی یادەوەری لەگەڵ شتە بچووکەکانی،
ساراماگۆ، مارکیز
سەیرکردنی تابلۆیەک، شانۆگەرییەک
بەکورتی،
ئەدەب و هونەر،
هەست بە جوانی ژیان دەکەیت
یان کتێبە سیاسییەکان
کە هەرگیز بێ لایەن نین
کتێبە ئایینییەکان،
زۆریان باسی سزا و مردنن
لەگەڵ ئەوەش
هەمیشە داوای لێ بووردن دەکەین

٧

دیسان وەک باڵندە، ئازاد
بەرەو خۆرئاوا دەفڕمەوە.
ڕەنگە ئەو هەموو هاتوچوونە،
ماڵم قووت دات و
چیرۆکی ژیانم پەڕ پەڕ کات.

٨

لە سەرماوەز دروێنە دەکەم
دڵیشم ئامادەیە بۆ سەفەر!